## ئایا لەسەر هەر کامێک لەو بابەتانە پرسیارت هەیە؟

- پارەکە بەش ناکات. چۆن دەتوانم داوای یارمەتی زیاتر بکەم بۆ تەواوکردنی ئەو پارەیە؟
- دەبێ منداڵەکانم بچنە داینگە. چۆن شوێنی چاودێری منداڵان (داینگە) بدۆزمەوە؟
- من نیگەرانم لە تەندروستی خۆم و تەندروستی خێزانەکەم. لە ئەگەری نەخۆشی یان کەمئەندامیدا لە کوێ دەتوانم پشتگیری بدۆزمەوە ؟
- چ کار وپیشەیەک دەتوانم لە ئەڵمانیا بکەم؟ لە کوێ دەتوانم یارمەتی وەربگرم بۆ گەڕان بەدوای کار یان بەدوای شوێنی فێربوونی پیشەیەک؟
- من دووگیانم و ئێستا پرسیاری زۆرم هەیە. لە کوێ دەتوانم راوێژی دروست بدۆزمەوە - تەنانەت لە حاڵەتی دووگیانی نەخوازراودا؟
- حەز دەکەم ئاگاداری رێڕەوی خوێندنی منداڵەکانم بم و لەم رێرەوەدا یاوەرییان بکەم. کێ دەتوانێت لەمەدا پشتگیریم بکات؟
- کێ یارمەتیم دەدات بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمەکان؟
- لە کوێ دەکرێ من یان هاوسەرەکەم یان منداڵەکانم فێری زمانی ئەڵمانی ببین؟

ئەگەر هەر پرسیاری تر  هەبێت کە پێتوایە بۆ ژیانت لە سنووری شارەوانی ڕاین-زیگ گرنگە ؟

ئێمە راوێژکاری پێشکەش دەکەین و یاوەریت دەکەین بۆ ئەم پرسانەی خوارەوە:

- بۆ بەڕێکردنی کارەکانت لە فەرمانگە حکومییەکاندا، وەک فەرمانگەی کاروباری بیانیان و فەرمانگەی چاودێری کۆمەڵایەتی (سۆشیال)و فەرمانگەی چاودێری گەنجان و فەرمانگەی چاودێری قوتابخانەکان و هتد.
- بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری دارایی/ماددی وەک پشتگیریی دارایی لە لایەن سەنتەری کارەوە یان پارەی منداڵان یان پاکێجی پشتگیری لە بواری پەروەردە و بەشداریکردندا یان بۆ پەیوەندی بەستن بە شوێنی هاوکاریکردنی کەسانی هەژار وکەمدەرامەت یان بۆ وەرگرتنی یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکانی تر و هتد.
- بۆ یارمەتیدان لە گەڕان بەدوای خولی زماندا
- بۆ پشتگیری خێزانەکەت، بۆ نموونە کاتێک منداڵەکانت دەچنە داینگە یان قوتابخانە
- بۆ تەندروستی

Gefördert von:

Ministerium für Kinder, Jugend, Familie, Gleichstellung, Flucht und Integration des Landes Nordrhein-Westfalen

Kommunales INTEGRATIONS Management NRW

Kommunales Integrationszentrum Rhein-Sieg-Kreis

RHEIN SIEG KREIS

- بۆ مۆڵەتی کارکردن
- بۆ دەستگرتنت کە بتوانیت لە پیشەکەی خۆت کاربکەیت یان بۆ وەرگرتنی پسپۆری لە پیشەیەکدا
- هاوکاریت لەکاتی تەنگانە و دروستبوونی ئاستەنگدا
- بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێری و گواستنەوەی گشتی
- دەستت دەگرین بۆ گونجاندنت لە ناو کۆمەڵگەدا (بۆ نموونە کارکردنت لە یانە وەرزشییەکاندا یاخود ئەنجامدانی کاری خۆبەخشانە)
- یارمەتیت ئەدەین  لە پەیوەندیگرتن بە ناوەندەکانی تری پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری پسپۆڕانە

ئەگەر پرسیاریشت لەسەر بابەتی تر هەبوو کە لێرەدا باسنەکراون بێگومان لەمەشدا یارمەتیت دەدەین یاخود  دەتوانین چەند پێشنیارێکی گونجاو بۆ ڕاوێژکاری یان بۆ پشتگیریت بخەینە بەردەست.

ڕاوێژکارییەکانمان بێ بەرامبەرن و نهێنیشن

ئەگەر پێویست بوو، دەتوانرێت داوای وەرگێڕانەکەشی بکرێت.

خزمەتگوزارییەکە بۆ کێیە؟

- بۆ ئەو کەسانەیە کە بەم دواییە کۆچیان بۆ ئەڵمانیا کردووە
- بۆ ئەو کەسانەیە کە پێشتر کۆچبەر بوون
- بۆ ئەو کەسانەیە کە ماوەیەکی درێژە لە ئەڵمانیا دەژین
- بۆ ئەو کەسانەیە کە هێشتا بە بەردەوامی پشتیوانی وەرناگرن

بۆ وەرگرتنی ڕاوێژکاری کاتێک دیاری بکە

[www.rhein-sieg-kreis.de/case-management](http://www.rhein-sieg-kreis.de/case-management)

Gefördert von:
Ministerium für Kinder, Jugend, Familie, Gleichstellung, Flucht und Integration des Landes Nordrhein-Westfalen

Kommunales INTEGRATIONS Management NRW

Kommunales Integrationszentrum Rhein-Sieg-Kreis

RHEIN SIEG KREIS